کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# پێشڕەو

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم ........................ ژمارە ١٣١

نیوەی دووهەمی مانگی خەزەڵوەر ١٣٨٠ - نوامبر ٢٠٠١

لەم ژمارەیەدا:


- مەرگ و میری دایکانی دووگیان تاوانی حکوومەتی ئیسلامییە ل٣
- دونیای برسی‌یەکان ل٤
- سیاسەتی دژی پەنابەری ئینگلستان ل ئاخر
- هونەر و ئەدەبیاتی پێشڕەو ل٧


## ئەفغانستان: دواین هەناسەکانی دەسەڵاتی رەشی تاڵیبان و پێویستی پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی بەرەی سەرکەوتوو

ئەم رۆژانە شاهیدی ئاخرین هەناسەکانی دەسەڵاتی سیاسی داروودەستەیەکی دژی ئینسان و کۆنەپەرست لە ئەفغانستانین کە بۆ ماوەی ٥ساڵ باڵی رەشیان بەسەر خەڵکی لێقەوماو و وڵاتی کاول کراودا کێشابوو. تاڵیبان رەوتێکی دەمارگرژ و کۆنەپەرستی ناو مەدرەسەکانی ئایینی لە پیشاوەری پاکستان بوون، کە لەساڵی ١٩٩٥دا بە هاندان و پشتگیریکردنی دەزگاکانی جاسووسی و ئەرتەشی پاکستان بەرز کرانەوە و رێگایان بۆ خۆش کرا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دابەش کراوی ئەفغانستان لەناو گرووپەکانی جۆراوجۆری "جیهادی"دا بەقازانجی دەوڵەتی پاکستان یەکالا کەنەوە.

خەڵکی هەژار و چەوساوەی ئەفغانستان لەکاتێکدا کە گیان و ژیانیان ببوو بە دەست کایەی کێشەی چەکدارانەی دارو دەستەکانی ناوخۆی سەربە گوڵبەدین حکمەتیار و ئەحمەد شامەسعوود و ئەوانیتر و رەمەقیان لێ بڕابوو؛ هەتا چاویان کردەوە دەسەڵاتێکی وەحشی‌تر و دواکەوتووتر و کۆنەپەرستانەتریان بەسەرسەری خۆیانەوە دیت، کە عەزمی جەزم کردبوو کۆمەڵگای ئەفغانستان زیاتر لە هەزار ساڵ بەرەو دوا هەڵبگەڕێنێتەوە. دەوڵەتی ئامریکا ئەو کات پشتیوانی لەم حەرەکەتە دەکرد و یارمەتی دەدان. سیاسەتمەدارانی ئامریکا لە سەرکەوتنی تاڵیباندا ئاسۆی کردنەوەی رێگایەکی نزیکتر و سەرڕاستی ئابووری و نیزامی‌یان بۆ دەست راگەیشتن بە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستدا دەدیت. کۆمپانیای نەوتی ئامریکایی یونیوکاڵ و بەپەلە قەراردادی راکێشکانی خەتی لوولەی گاز و نەوتی لە ئاسیای ناوەندی‌دا بۆ دەریای عومان لەگەڵ تالیبان ئیمزا کرد.

هەر لەم دەورەیەدا بوو کە سازمانی سیای ئامریکا بەیارمەتی ماڵی دەوڵەتی عەرەبستانی سعوودی، بەمەبەستی شێواندنی وەزعی سیاسی لە وڵاتان قەفقاز و کێشە دروست کردن بۆ دەوڵەتی رووسیە، چاربۆشی لە پەرەگرتنی بنکە و بارەگاکانی ئۆسامەبن لادن و رێکخراوێك کە دواجار بە ئەلقاعیدە ناسرا، کرد و رێگای دا بەوەی کە ئەفغانستان ببێ بە بنکەیەك بۆ

بڕواننە لاپەڕەی ٢

## رفاندنی ژنان دیاردەیەکی دیکە لەژێر دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامی‌دا

رفاندنی ژنان لە شارەکانی ئێران، مەترسی‌یەکی جیددی دیکەیە کە هەڕەشە لە ئەمنییەتی ژنان دەکات.

لەماوەی رۆژانی رابردوودا، لەشاری کرمان ژمارەیەك لە کچان و ژنان رفێندراون. دەنگۆی رفاندنی کچان و ژنان، ترس و نائەمنی‌یەکی زۆری بۆ دانیشتوانی ئەو شارە و بەتاییبەت لەناو ژنان و کچاندا پێك هێناوە. بەرپرسانی رژیم لەو شارە، ئەم هەواڵەیان تەئید کردوە و دەڵێن ئەو کەسانەی کە دەستیان داوەتە ئەم کارە، سەرەتا کیفی پووڵ و هەرچی زێڕ و تەڵا و جەواهیرات بێ لێیان دەستێنن و خۆشیان بێسەر و شوێن دەکەن.

چەند ساڵێکە هەر ماوەی جارێك هەواڵی سەبارەت بە رفاندنی کچان و ژنان لە گۆشە و کەناری ئێران، بڵاو دەبێتەوە و دەم بەدەم دەگەڕێ. لەساڵی ٧٦دا بوو کە

بڕواننە لاپەڕەی ٣

## راپۆرتە هەواڵەکانی کوردستان

چەند راپۆرتە هەواڵ لە شارەکانی بانە، کرماشان و پول دوختەری لورستان

ل ٥

## هەواڵە کرێکاری‌یەکانی ئێران

چەند هەواڵی کرێکاری لە شارەکانی بێهشەهر و ساری

ل ٦

## چەند هەواڵی‌تر لە شارەکانی ئێران

ژنێکی سیغەکراو حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپا

ل ٦

مانگرتن لە خواردنی خوێندکارە زیندانی‌یەکان لە ئێران هەروا بەردەوامە

ل ٦

## کرێکارانی نانەواخانەکانی ئوستانی کوردستان بریاری ئوستانداری رەت دەکەنەوە

ل٤

## ژنانی ئەفغانستان بەپارێزەوە دێنەوە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی



## ئەفغانستان، دوایین هەناسەکانی ..........

یارمەتیدان مەشق پێکردن و ڕاهێنانی ئیسلامییەکانی چیچان و داغستان و کشمیر و هیتر. ئەم سیاسەتەی هاوبەشی پاکستان و عەرەبستان و ئامریکا هەروا درێژەی بوو هەتا ئەو کاتەی کە زیادەڕەوییەکانی ئەلقاعیدە و بن لادن پێی دەوڵەتی ئامریکاشی گرتەوە. دوا ی تەقاندنەوەی سەفارەتخانەکانی ئامریکا لە کێنیا و تانزانیا، بیل کلینتۆن چەند مووشەکێکی بەمەبەستی ترساندن و تۆڵە، ڕەوانەی ئوردووگاکانی بن لادن لە ئەفغانستان کرد و بۆ ئەوەی رازی سەر بە مۆری پەیوەندییەکانی ئامریکا و ئەلقاعیدە ئاشکرا نەبێ جارێکیتر گوێیان لێ خەواند.

دوابەدوای ڕووداوەکەی ١١ی سێپتامبری ئامریکا، لەکاتێکدا کە ئیتر زیان و دەردیسەری تالیبان و بن لادن بۆ ئامریکا زیاتر بوو لە قازانجیان، دوایین کەڵکی پێویستیان بۆ نومایش دانی هێزی بازووی ئامریکا لێ وەرگیرا و لەڕێگای بۆمبارانی هەواییەوە، لە دەسەڵات هاتنە خوارەوە. ئەگەرچی تەمەنی تالیبان وەکوو هێزی دەسەڵاتدار تەواو بوە و مەجالێك بۆ گەڕانەوەی سەرلەنوێیان بۆسەر ئەفغانستان نەماوە، بەڵام دەوڵەتی پاکستان تا ماوەیەکیتریش بەکارتی تالیبانێکی ئۆپۆزیسیۆن بۆ دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ئەفغانستان کایە دەکات و هەڕەشەی هەڵگەڕانەوەی ڕۆژانی ڕەشی دەسەڵاتی تالیبان بەسەر بەشێك لە کۆمەڵگای ئەفغانستاندا، هەروا قورسایی دەکات.

# ڕووخانی تالیبان لەڕوانگەی بەرژەوەندییە جیاوازەکانەوە

## جەماوەری خەڵکی ئەفغانستان:

ڕزگاری لە وەحشیگەری تالیبان لە کابول و چەند شاریتر، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ڕووناکایی خستە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەدا. تترووسکەی هیوا بە کۆتاییهاتنی ئەو ڕۆژگارەڕەشەی کە دەیان ساڵە ئەوەی ئێستا تێدا دەژی، پەیدا بوو و شادمانی کەوتە ناو دڵیانەوە. دوای ٥ساڵ دەنگی مۆسیقا و قاقای پێکەنینی ئەو ژنانەی کە تەنانەت دەنگی کەوشەکانیشیان لەکاتی ڕێگاڕۆیشتندا قەدەغە بوو، لە کۆڵان و شەقامەکاندا بیسترا، شووشەی ڕەشکراوی پەنجەرەکان پاك کرانەوە و بازاڕی سەلمانییەکان ڕەونەقی پەیدا کرد. کایەی منداڵان لەناو کووچە و کۆڵان دەستی پێ کردەوە و کەل و پەلی قەدەغەکراو ڕێگایان بۆ ناو بازاڕ کراوە. ڕادیۆ و تلویزیۆن و دیاردەکانی دیکەی شارستانییەت کەم کەم ڕوو دەکەنەوە ئەو وڵاتە و ژمارەیەك لە ژنان کە ترسی تالیبان لەناخی دڵیاندا هێلانەی کردبوو، وردە وردە بە نیگەرانییەوە بورقەع (ڕووبەند)یان لادا و لە جەژنی ڕزگاری لەدەست تالیبان بەشدارییان کرد. ئینسانی ئەفغانی گۆشەیەك لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆی سەرلەنوێ بەدەست هێناوەتەوە. تالیبان دەسەڵاتی وڵاتێکی چەندجار کاول کراویان بەخەڵکێکی بێئەنوا و دەربەدەرەوە، بەئابوورییەکی ڕووخاوەوە کە تێیدا تەنانەت پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانیش هەموو لەبەریەك ترازاوە، بەجێ هێشت.

بەو هەموو ئازارەشەوە کە خەڵکی ئەو وڵاتە چێشتوویانە، ئەمڕۆکە دەوڵەتی ئامریکا و هاوپەیمانانی ڕێگا نادەن کە حکوومەتێکی غەیرەقەومی و غەیرەمەزهەبی کە لەسەر ئەساسی دەنگی ئازادانەی خەڵکی ئەو وڵاتە بنیات نرابێ، بێتە سەر کار. هەموو لایەك لە ڕێککەوتنێکی ڕانەگەیاندراودا، کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتی داهاتوو دەبێ بەرژەوەندی دەوڵەتانی دراوسێ و دەوڵەتانی گەورەی دنیا و سەرۆك قەبیلەکانی ئەفغانستان، هاوکات بپارێزێ. ئەو سیاسەتە مانای ئەوەیە کە دەوڵەتانی سەرمایەداری دنیا ئەوجارەش نایانهەوێ ئاوێکی بەئاسوودەیی لەگەرووی خەڵکی ئەو وڵاتە بچێتە خوارەوە.

بەرەی ناسراو بە "ئیئتلافی شیمال" کە ئەمڕۆکە دەوری درۆیینەی "ڕزگاریبەخشی" پێدەدرێ، خۆی سەبەبکاری ئەو دەورانە تاڵ و دژوارەیە کە بەسەر خەڵکی ئەفغانستاندا هات. لە کێشەی نێوان دارودەستەکانی ئەم بەرەیەدا بوو کە پێش ساڵی ١٩٩٥ دەیان هەزارکەس تەنیا لەشاری کابول بە تۆپ و مووشەك بارانی کوێرانە و بێهەدەف تێداچوون. یاساکانی دژ بە ژن و دژ بە ئازادی لەدەورەی دەسەڵاتی ئەوانەوە دەستی پێ کرد. ئەوانە خۆشیان بەشێك لە مافیای موادی موخەدری ئەفغانستانن و بەو پێشینەیەوە ناتوانن نوێنەری خەڵکێك بن کە تینووی هەوایەکی ئازاد و لانیکەمی ژیانی ئینسانییە.

ئەمڕۆکە خەڵکی ئەفغانستان لە هەل ومەرجێکدان کە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو هەموە پیلانە ڕەنگاوڕەنگەی کە بەرەی سەرکەوتوو بە هەموو لایەنێکیانەوە بۆیان تەنیون، پێویستیان بە هاوپشتی جیهانی هەیە. بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایەتییەکی نێونەتەوەیی لەدژی ئەو پیلان و پرۆژانەی کە بەسەر سەری ئیرادەی جەماوەرەوە دادەڕێژرن و بایەخێك بۆ دەنگی خەڵك دانانێن، دەتوانێ هاوسەنگی هێز لەناوخۆی ئەفغانستان بەقازانجی خەڵکی تینووی ئازادی و حکوومەتێکی غەیرە مەزهەبی و غەیرە قەومی بگۆڕێ. بۆ خەڵکی ئەفغانستان ئەو ململانێیە درێژەی هەیە.

## دەوڵەتی پاکستان:

لە شەڕی "دژی تیرۆریزمی" ئامریکا لە ئەفغانستان، لەناو دەوڵەتانی ئەو ناوچەیەدا دەوڵەتی پاکستان تائێستا، دۆڕاوی سیاسی سەرەکی ئەو کێشمەکێشەیە: دەنگی ناڕەزایەتی ناو بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتە بەرز بۆتەوە. کێشەکانی ناوخۆی دەزگای نیزامی پەرەی سەندوە و مەترسی کودتای نیزامی هاتۆتە گۆڕێ. هاوپەیمانەکانی لە ئەفغانستان تێك شکاون و ڕەقیبەکانی سیاسی ئەو لەو ناوچەیەدا دەستی باڵایان پەیدا کردوە. لە کێشەی لەگەڵ دەوڵەتی هێندوستاندا و لەسەر مەسەلەی کشمیر هاوسەنگی هێز بەزیانی ئەو گۆڕاوە، لەناو کشمیرییەکانی خوازیاری جیابوونەوە لە هێندوستان ئیعتباری شکاوە. لەبەر هەموو ئەو هۆیانەی سەرەوەیە کە دەوڵەتی پاکستان بە هەموو تواناوە هەوڵ دەدات کە زیانەکانی ئەو کێشەیە کەم کاتەوە. دوایین کارتێك کە دەوڵەتی پاکستان هەوڵ دەدات بەکاری بێنێت، نەك کێشەی مەزهەبی و دڵ سووتاندن بۆ "ئیسلامی نابی محمدی"، بەڵکوو پەرەپێدانی کێشەی قەومییە. بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە دژی ئینسانییە هەوڵ دەدات کەلێن و کەلەبەرەکانی نێوان پشتوونەکان و باقی کەمە نەتەوایەتییەکان پەرە پێ بدات و برینەکانیان قووڵتر کاتەوە. دەوڵەتی پاکستان تا ئەو جێگایە دەچێتە پێش کە ئەگەر هەل ومەرج ڕێگای پێ بدات، تەنانەت ئەو وڵاتە لەبەریەك دابڕێ و دابەشی بکات. تالیبان ئەگەرچی لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئەفغانستاندا نامێنن، بەڵام بەهۆی بەرژەوەندیەکانی تایبەتی پاکستان سێبەری ڕەشیان تا دەورەیەکیتریش بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا قورسایی دەکات.

## جمهووری ئیسلامی:

ئەگەرچی بەڕێوەبەرانی ڕژیمی ئیسلامی بەڕەسمی خۆشحاڵی خۆیان لە ڕووخانی تالیبان دەردەبڕن، بەڵام باش دەزانن کە کۆتاییهاتنی تەمەنی سیاسی تالیبان لە ئەفغانستان نیشانەی زەواڵی ڕەوتێکی سیاسییە کە لە ٢٠ساڵی ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شیماڵی ئافریقا و ئەو بەشە لە ئاسیای لەژێر کاریگەری خۆی دانابوو. ئیسلامی ویلایەتی فەقیهیش هەر وەکوو ئیسلامی تالیبان ئەمڕۆکە ئیتر بە هیچ پێویستییەکی سیاسی لەپەیوەند لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی جیهانی وەڵام ناداتەوە. ئیسلامی سیاسی نەك هەر بەری ڕەوتی گەشەکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پێ ناگیرێ، بەڵکوو خۆی بۆتە خاڵێکی لاواز لە موقاوەمەتی سەرمایەداری بەرانبەر بە خەباتی چینی کرێکار و بەرەی ڕادیکاڵ و چەپدا.

جمهووری ئیسلامی لە هەل ومەرجێکدا نیە کە بتوانێ دڵ بە حکوومەتی هەمەلایەنە لە ئەفغانستان خۆش کات. ڕژیمی ئێران بەکردەوە ڕێگای پێ نادرێ کە لە شکڵپێدانی داهاتووی سیاسی ئەفغانستاندا دەورێکی کاریگەر ببینێ. لە کێشەی "دژی تیرۆریزمی" ئامریکاشدا بەگشتی جمهووری ئیسلامی سەری بردۆتوە ژێر لاکی خۆی و هەڵوێستێکی دیفاعی گرتۆتە بەر. کەوایە لەناوەڕۆکدا دۆڕاوێکیتری شەڕی ئەفغانستان جمهوری ئیسلامییە.

## دەوڵەتی ئامریکا:

دەوڵەتی ئامریکا ئەوەی لە سەرەتاوە پێویستی بە هێزنواندنێك بوو بۆ سووك کردنی ئازاری ئەو برینەی کە تیرۆریستەکان لەجەستەی ئەو وڵاتەیان دابوو، بەڵام شێوەی کاری ئەمپریالیزمی ئامریکاش لە وەها کاتێکدا هەر ئەوجۆرە کوشت و بڕەیە کە لە ڕێگای بۆمباران و وێرانکاری بەڕێوەی دەبات. تا ئێرە هەڵبەت ئامریکا ئەو ئامانجەی خۆی بەدەست هێناوە، بەڵام دەزانین کە لە مەدایەکی درێژماوەتردا ئەوە نەك ئەفغانستان، بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە دەکەوێتە ناوەندی شەڕی دژی تیرۆریزمی ئامریکاوە.

ئەگەرچی ئەفغانستان بوو بە بیانوویەك بۆ کۆکردنەوەی هێز لەو ناوچەیەدا و دەوڵەتی ئامریکا بۆ بەرەوپێش بردنی پیلانەکانی داهاتووی خۆی پێویستی بەو هێزنواندنە هەبوو، بەڵام لە سەرجەمی کێشەی ئەفغانستاندا دەوڵەتی ئامریکا سەرکەوتنی چاوەڕوان کراوی خۆی بەدەست نەهێناوە و ناچار بوە "دەست کەوتەکەی خۆی" لەگەڵ ڕووسیەدا دابەش بکات. ڕووداوەکانی چەندمانگی ڕابردوو خاڵە لاوازەکانی دەسەڵاتی ئامریکای لەئاستی جیهانیدا ئاشکراتر کردوە. ئیتر ئەوە بۆتە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر کە ئەمڕۆ ئامریکا وەکوو هێزی یەکەمی ئەم جیهانە ناتوانێ بەبێ یارمەتی لایەنەکانی دیکەی دەسەڵاتی جیهانی هیچ کێشەیەك لەهیچ شوێنێك، چارەسەر بکات.

●


# مەرگ و میری دایکانی دووگیان تاوانی حکوومەتی ئیسلامییە

ژمارەی ئەو دایکانەی کە لەکاتی بەدنیاهێنانی منداڵەکەیان گیانیان لەدەست دەدەن لە کوردستان بەردەوام روو لە زیادبوونە. بەپێی ئامارێك کە بە نیوە و ناتەواوی لەلایەن دانشگای علوومی پزیشکی کوردستانەوە راگەیەندراوە لەناو ئوستانەکانی ئێراندا، ئوستانی کوردستان لەڕووی ژمارەی ئەو دایکانەی کە لەم کاتەدا گیانیان لەدەست دەدەن لەسەرووی هەمووانەوەیە و ئەو رێژەیە لەیەك دوو ساڵی رابردووا روو لە زیادبوون بوە. هەروەها هەر بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەناو سەرجەمی شار و دێهاتی کوردستانیش زۆرترین رێژەی ئەو موسیبەتە تاڵە بەشی دایکانی شاری مەریوانە.

گران بوونی خەرجی بیمارستان کە دەبێتە هۆی ئەوە دایکانی دووگیان نەتوانن روو بکەنە ئەو بیمارستانانە، نەبوونی مامانی قابیل لە ئاواییەکان، وەزعی خراپی بێهداشتی بنەماڵەکان بەهۆی هەژاری و کەم داهاتی، وەزعی نالەباری خۆراکی دایکان لەدەورانی دووگیانیدا، ئەمانە هۆیەکانی ئەم کارەساتەن کە بەسەر ژنانی چەوساوە و هەژار و ستەم لێکراوی ئەو وڵاتەدا دێت.

دایکانێك لەسەر بەدنیاهاتنی منداڵەکەیان گیانیان لەدەست دەدەن کە هەموو تەمەنیان لە کوێرەوەری و رەنجدا بەسەر بردوە و هیچ چەشنە چێژێکیان لەژیانیان وەرنەگرتوە. ئەوان هەر لە منداڵییەوە ئازار دراون و بێماف کراون تا ئەو کاتەی کە لەپێناوی بەخشینی ژیان بە ئیسانێکیتردا، خۆیان بەدەم دوایین ئازاری ژیانیانەوە دنیا بەجێ دێڵن و سەر دەنێنە ژێر خاکەوە.

مەرگی نابەوەختی ئەو دایکانەی کە چاوەڕێی ئەوە دەکەن خۆشەویست و پارەجەرگیان چاوی بەدنیا بپشکوێ، تاوانێکە کە راستەوخۆ



دەکەوێتە سەرشانی رژیمێك کە بۆتە هۆی دواکەوتوومانەوەی هەموو ناوچەکانی ئێران و لەسەرووی هەموانەوە ئوستانە کوردنشینەکانی رۆژئاوای ئێران.

ئێمە دڵنیاین کە جەماوەری تینووی بەرابەری و ئاسوودەیی و ئازادی لە ئێران بە راپەڕینی خۆیان تۆڵەی ئەو جینایەتە و هەموو تاوانەکانی دیکەی ئەو رژیمە لە حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران دەکەنەوە.

o

## رفاندنی ژنان دیاردەیەکی دیکە ....................

ماجەرای "خوفاشی شەو" سێبەری رەشی بەسەر شاری تاراندا کێشا و ژنان و کچانی تارانی لەترسی ئەوە کە نەکا رۆژێك بکەونە گیری، هەوڵیان دەدا لەهەموو شوێنێك ئاگایان لەخۆیان بێ و لەترسی گیانی خۆیان، چەقۆ و شتیتری لەوجۆرەیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرت. سەرئەنجام خوفاشی شەو کە بوونەوەرێکی دژ بە ژن بوو و لەداوێنی یاسا و ریسای حکوومەتی ئیسلامیدا پەروەردە ببوو دوای ئەوە کە ٩ژن و کچی بەشێوەی وەحشیانە کوشت، گیرا.

هێشتا ترس و نیگەرانی خەڵك کۆتایی پێ نەهاتبوو کە باسی خوفاشی شەوی شیرازی کەوتە سەر زمان و دیسان بێئەمنییەتی، ژیانی لە ژنان و ئەمجارەیان لە شیراز تاڵ کرد. ئەم قاتڵەی ژنانیش دوای ئەوە کە زێڕ و وەسایلی ژنانی لێیان دەستاند، دوای ئەزیەت و ئازارێکی زۆر و لەوپەڕی دڕندەخوویيدا دەیکوشتن. خوفاشی شەوی "شیراز"یش دوای کوشتنی چەند ژن و ترس نانەوەیەکی زۆر بۆ خەڵکی ئەو شارە، گیرا.

ساڵی ١٣٧٩ش ژنانی مەشهەد گیرۆدەی دەستی قاتڵی "عەنکەبووتی" مەشهەد بوون.

لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی رابردوودا هەواڵی دۆزرانەوەی تەرمی چەند ژنی مەشهەدی لە رۆژنامەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا بڵاو کرایەوە. هەموو هەواڵەکانی سەبارەت بەم قەتڵانە ئەوەی دەردەخست کە ئەو ژنانە بەیەك شێوە و لەلایەن کەسێك یا باندێکەوە کوژراون. بیروڕای گشتی، لەسەر ئەم مەسەلەیە حکوومەتی ئیسلامی خستە ژێر زەختەوە.



سەرەتا بە لەبەرچاوگرتنی نیشانەگەلێکی هاوبەش وەك یەکبوونی شێوەی کوشتنەکان، مەئموورینی رژیم لێکۆڵینەوەیەکیان بەناو بۆ دۆزینەوەی قاتڵ یان قاتلانی ژنان لەو شارە، دەست پێ کرد. مەئموورین بەڕواڵەت لێکۆڵینەوەیان دەکرد، بەڵام هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی ئەوان، هەر بە چەند رۆژ جارێك لە یەکێك لە شەقامەکانی شاری مەشهەد، تەرمی ژنێکیتر لەلایەن خەڵکەوە دەدۆزرایەوە کە دروست وەك ژنانی پێش خۆی کوژرابوو. هاوکات لەگەڵ دۆزینەوەی تەرمی ژنانی لەت لەت کراو و ئاشکرابوونی ئەو جینایەتانە، لە گۆشە و کەناری شارەکان و بە دەسیسەی خودی رژیم، شایەعەی ئەوە بڵاو دەکرایەوە کە ژنانی کوژراو پێشینەی ئێعتیاد بە مەوادی موخەدر و فەسادی ئەخلاقییان بوە.

سەرئەنجام لە هاوینی ئەمساڵدا، دوای ئەوە کە دادگای جینایی و ئیدارەی ئاگاهی رژیم لە مەشهەد رووداوی قەتلی ١٦ ژنی لە دەفتەرەکانی خوی دا سەبت کرد سەعیدی حەنایی قاتڵی مەشهەدی ناسراو بە عەنکەبووتیان دەستگیر کرد. سەعید حەنایی کە وایان بۆ بڵاو کردەوە کە تووشی نەخۆشییەکی رەوانی سەخت هاتوە، لە یەکەم بازجوویيدا وتی: مەبەستی من لە کوشتنی ژنان پاکسازی بوە. دواتر دەڵێ: لەکاتی بەڕێوەبردنی ئەم قەتڵانەدا خۆم بەتەنیا بووم و کەسیش ئاگای لەم کارەی من نەبوە. بەهۆی ئەم قەتڵانەوە کە دەمکردن لەژێر فشاردا بووم و نەمدەتوانی لەگەڵ کەس قسە بکەم.

سەعیدی حەنایی نەخۆشی رەوانی بووبێ یان نا، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامیدا لەماوەیەکی نەزۆریش دا لە چەند شاری گەورەی ئێران تەڵەی مەرگ بۆ ژنان دانرا و ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان بوونە قوربانی وەحشیگەرییەك کە بناغەکانی لەسەر تێڕوانینی رژیمی ئیسلامی بۆ ژنان دامەزراوە. ئەمڕۆ سەرەڕای ئەو وەحشیگەرییانەی کە لە تاران و مەشهەد روویاندا و تێیدا چەندین ژن لەت و پار کران ژنان لەشاری کرمانیش کەوتوونەتە بەر هێرشی قەسابەکانی ئینسان.

هەواڵی رفاندنی ژنان لەشاری کرمان وەك خەبەری رۆژ لەنێو خەڵکدا بڵاو بۆتەوە. هەواڵی رفاندنی ژنان و کچان لەشاری کرمان سەری کێشاوەتە نێو هەموو بنەماڵەکان و هەموو کەس و بەتایبەت ژنان و کچانی نیگەران و بێزار کردوە و زۆر بەترسەوە سواری تاکسی دەبن.

■

# دونیای برسییەکان

ماوەیەك لەوەپیش سازمانی "تەغزییە و کەشاوەرزی" کە یەکێك لە نیهادەکانی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە، راپۆرتی ساڵانەی خۆی بڵاو کردەوە. لەم راپۆرتەدا هاتوە کە خەباتی جیهانی لەدژی پەرەسەندی فەقر و برسیەتی و بەدخۆراکی لە ۱۰ساڵی رابردوودا بەرەوپێ‌ش چوونێکی زۆر کەمی بەخۆیەوە دیتوە. بەپێی ئەو راپۆرتە کە لەلایەن ئەو رێکخراوەوە بڵاو کراوەتەوە، لەحاڵی حازردا لە سەراسەری دنیادا ۸۲٦میلیۆن کەس لەدەست برسیەتی رەنج دەبەن. لە درێژەی ئەم راپۆرتەدا هاتوە کە ئەو تەسمیمەی کە لە کۆنفڕانسی جیهانی تەغزییە ساڵی ۱۹۹٦ لە رۆم بەڕێوە چوو و قەرار بوو تا ساڵی ۲۰۱٥ ژمارەی برسی‌یەکانی جیهان بگەیەنێتە نیوە، دەستکەوتێکی گەورە نیە و ئەوەیش کە بڕیاری لەسەر دراوە، ئیمکانی وەدیهاتنی سەختە. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دەبێ هەر ساڵە ۲۲میلیۆن کەس لە برسیەتی رزگار بکرێن، بەڵام لەحاڵی حازردا ساڵانە تەنیا توانراوە ۷میلیۆن کەس لەدەست برسیەتی نەجات بدرێن. بەشی زۆری برسی‌یەکانی جیهان لە منداڵان پێك هاتوون. ۳۰۰میلیۆن منداڵ لە سەراسەری جیهان، لەگەڵ نەوعێك برسیەتی بەرەوڕوون. ۱۷۰میلیۆن کەسیان رۆژانە بە سکی برسی دەچنە خوێندنگا و ۱۳۰میلیۆن کەسیان کە بەشی زۆریان لە منداڵانی کچ پێك هاتوون، بەتەواوی لە خوێندنگا و دەرس خوێندن بێبەشن. ئەم راپۆرتە تەغزیە و فێرکردنی منداڵان بە کلیلێکی ئەسڵی دەزانێ بۆ کەم کردنەوەی کەلێنی نێوان ژیانی فەقیران و دەوڵەمەندان.

ساڵی ۱۹۹۹، ۳٦میلیۆن کەس بەهۆی برسیەتی گیانیان لەدەست دا، یانی لەهەر رۆژێکدا ۱۰۰هەزار کەس. لە وڵاتانی فەقیری بەناو لەحاڵی گەشەدا، لە ۱۰ساڵی رابردوودا ئاڵ و گۆڕێکی هەچەند کەمیش پێك نەهاتوە. لەسەریەك ۷۷۷میلیۆن کەس لەو وڵاتانە گیرۆدەی نەوعێك بەدخۆراکین.

لە دەیەی ۹۰ی زایینی‌دا ٤۰میلیۆن کەس لە ژمارەی برسیەکانی جیهان کەم بۆوە، بەڵام ئەم رێکخراوە نەیتوانی بە مەبەستەکانی خۆی بگا، کە قەرار بوو هەرساڵە ۸میلیۆن کەس لە برسیەتی رزگار بکرێن. هەل و مەرجی وڵاتانی شەرقی ئورووپا و وڵاتانێك کە لە ئاسیای مەرکەزی تازە سەربەخۆیی‌یان وەرگرتوە، گەلێك خراپترە. لێرە ۲۷میلیۆن کەس لە ئیمکاناتی پێویست بۆ دابین کردنی توانایی جسمی‌یان کە رۆژانە ۲۳۰۰کیلۆ کالۆری‌یە،



بێبەشن. بەپێی ئەم راپۆرتە تەنانەت لە وڵاتانی دەوڵەمەند و سەنعەتی غەربیش ۱۱میلیۆن کەس ئیمکانی دەست راگەیشتن بەم بڕە کالۆری‌یەیان لەڕۆژدا نیە.

لەلایەك ئەم وەزعە نائینسانی‌یە بەسەر زۆربەی دانیشتوانی جیهاندا سەپاوە و لە لایەکی‌تر مەوادی خۆراکی، زیاتر لەڕادەی پێویست لە جیهاندا بەرهەم دێ. رێکخراوی تەغزییە و کەشاوەرزی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەلیلی ئەسڵی پەرەسەندنی برسیەتی، بریتی‌یە لە: شەڕی "ایدز"، پەرەسەندنی رووداوی سرووشتی و جیهانی‌بوونی سەرمایە و هەروەها دەڵێ کە: نموونەکانی کورەی شیمالی، عێراق و ئەفغانستان دەری‌دەخەن کە چلۆن شەڕ و قەیرانە سیاسی و ئابووری‌یەکان دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی برسیەتی و ئاسەوارە خراپەکانی دواتری.

○

# کرێکارانی نانەواخانەکانی ئوستانی کوردستان بڕیاری ئوستانداری رەت دەکەنەوە

بەپێی بڕیارێك کە رۆژی ۱٥ی خەزەڵوەر راگەیاندرا، ئوستانداری ئوستانی کوردستان، حەقدەستێکی بۆ کرێکارانی شارەکانی‌تری ئەو ئوستانە دیاری کردوە کە تەنانەت کەمترە لەو حەقدەستەی کە ئێستاش بەو کرێکارانە دەدرێ.

سەندیکای کرێکارانی شاری سەقز لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بڕیارە تازەیەی ئوستانداری‌دا، راگەیاندنێکی بڵاو کردۆتەوە و تێیدا وتوویەتی کە ئەو حەقدەستە تازەیەی کە لەلایەن ئوستانداری‌یەوە بۆ کرێکارانی نانەواخانەکان دیاری کراوە، قەبووڵ ناکات و رایگەیاندوە کە ئەگەر ئوستانداری هەروا لەسەر ئەم بڕیارەی خۆی پێ دابگرێ ئەوان دەست لەکار دەکێشنەوە.

پێویستە بوترێ کە ئەو حەقدەستەی وا ئێستاش بە کرێکارانی نانەواخانەکان دەدرێ لانی‌کەمی ژیانی بنەماڵەی ئەو کرێکارانەی پێ دابین نابێ، کەچی ئوستانداری کوردستان تەنانەت ئەو حەقدەستە کەمەشیان پێ رەوا نابینێت.

ئوستانداری کوردستان دەیهەوێ لە هەنگاوی یەکەمدا ئەم بڕیارە دژی کرێکاری‌یەی خۆی لەسەر شارەکانی‌تری ئوستاندا تاقی کاتەوە و کاتێك زانی کە دەتوانێ لە شوێنەکانی‌تر بەڕیوەی بەرێ، ئەوجار بەسەر کرێکارانی نانەواخانەکانی شاری سنەشی‌دا بسەپێنێ. کرێکارانی نانەواخانەکانی شاری سنە پێویستە ئەو پیلانەی ئوستانداری بناسن و بە راگەیاندنی هاوپشتی خۆیان لە کرێکارانی شاری سەقز، پووچەڵی کەنەوە.

○

## پاشماوەی لاپەڕەی ئاخر

ئەو وڵاتە؟ ئایا لەو کەسانەی کە ئەم ئاخرانە هاتوونەتە ئەو وڵاتە، کەسیان دەناسم؟ هەروەها چەند پرسیاری‌تری لەم چەشنە کە لەئەساسدا هیچ پەیوەندی بە داواکاری‌یەکانی پەنابەری و مافی پەنابەری‌یەوە نیە.

ئەمەی کە پێشتر باس کرا لەچاو قسە و بازجویی‌یەکانی دواتریان، وەك خۆشترین بەشی دەکرێ سەیر بکرێ. لەڕاستی‌دا دوای ئەو پرسیارانە، ئەوجار هەڕەشە و تۆمەتبارکردن دەستی پێ کرد، وەك ئەوەی کە لەدووی ریشە و هۆیەکانی جینایەتێك بگەڕێن. لەنێو بێحورمەتی و ئیهانەت پێ‌کردن و جارجارەش قسەی خۆشی فریودەرانە، دەیانوت کە: تۆ لاوێکی تیژ و بەبیر و هۆشی و کەسانێکیش کە بۆ بن لادن کار دەکەن و کاریان کردوە، خاوەنی بیروهۆشێکی لەچەشنی تۆ بوون. یان ئەوەی کە من کەسێکی باشم و دەبێ کەسانێك کە تازە چوونەتە ئەو وڵاتە، بەوانیان بناسێنم.

لەهەرحاڵدا لەگەڵ تاوان و ئازاردانێکی زۆر بەرەوڕوو بووم؛ بەڕاستی گشت رووداوەکانی ئەم جەریانە بۆ من سەرسووڕهێنەر بوو.

●

# ڕاپۆرتە هەواڵەکانی کوردستان

## بانـــــــه:

لەشاری بانە کارگەیەکی شیرینی‌پەزی لێیە کە کەوتۆتە شەقامی خومەینی و نزیك مزگەوتی حاجی وەیسی. خاوەنی ئەم کارگایە، سەرمایەدارێکە بەناوی محەممەدی یوسف نژاد کە لەنێو خەڵکدا بە محەممەدی حاجی عەبدول دەناسرێ.

لەم کارگای شیرینی‌پەزی‌یەدا ٦کرێکار کار دەکەن. وەستاکارێك، ٢شاگردی وەستاکار و ٣کرێکاری دیکەش کە خەریکی دابین کردنی مەواد و وەسیلەی کارن. ناوەنجی تەمەنی ئەم کرێکارانە بێجگە لە وەستاکار، ١٥تا ٢٠ساڵە. سەعات کار لەم کارگایە بەمجۆرەیە کە سەعات ٧ی بەیانی دەست پێ دەکا و تا سەعات ١٠ی شەو درێژەی دەبێ. کاتی پشووودانی ئەم کرێکارانە نیوەڕۆیان تەنیا سەعاتێکە؛ یانی سەعات ١٢ی نیوەڕۆ بۆ یەك، دواتر کاری کرێکاران دەست پێ دەکاتەوە و تا سەعات ١٠ی شەو درێژەی دەبێ و خواردنی نانی شەویش لەسەر کرێکاران خۆیانە. داهاتی ئەم کارگایە لەڕۆژدا گەلێك زۆرە و قازانجێکی زۆری بۆ خاوەنکار تێدایە.

هەل و مەرجی کار لەم کارگایە بەڕادەیەك سەختە کە کرێکارانی وەگیان هێناوە. لەبابەت وەزعی بیمەی کرێکاران دەبێ بڵێم کە تەنیا خاوەنکار بیمەیە و باقی کرێکاران سەرەڕای ئەوە کە دوو تا سێ ساڵ پێشینەی کاریان هەیە، بیمە نین. هەروەها خاوەن شیرینی‌پەزی، ڕەئیسی ئیتحادی‌یەی قەنادانی شاری بانەیە و هەر بەم بۆنەوە قسەی لای ئیدارەی بیمە دەڕوا و ئەگەر کرێکاران سەبارەت بە وەزعی کارەکەیان ناڕەزایەتی‌یەکیان هەبێ، وەڵامیان نادەنەوە.

حەقدەستی کرێکاران لەم کارگایەی شیرینی‌پەزی‌یەدا بەمجۆرەیە: حەقدەستی مانگانەی وەستاکار ٧٠هەزار تمەن و باقی کرێکارانیش ١٠تا ١٥هەزار تمەنە. حەقدەستی ئەم کرێکارانە لەحاڵێکدا ئەوەندە لەخوارەوەیە کە کارەکەیان لەکاری وەستاکار سەختترە و ماندوویەتی زیاتر دەکێشن. لەم شیرینی‌پەزی‌یەدا خەبەرێك لە بێهداشت نیە و تەنیا هەواکەشێکی چکوولەی هەیە کە هەوای شوێنی کار بگۆڕێ.

کاری کرێکاران گەلێك قورسە و کرێکاران تووشی دیسکی کەمەر دەکات. نەبوونی حەمام لەنێو کارگادا گیروگرفتێکی جیدی‌تری بۆ کرێکاران پێك هێناوە. ئەم ئاخرانە کرێکارانی ئەم کارگایە بۆ باش کردنی هەل ومەرجی کارەکەیان و باقی ویستەکانیان چەندجار لەگەڵ خاوەنکار کەوتوونەتە قسەکردن و داواکاری‌یەکانی خۆیان لەگەڵ باس کردوە و تائێستا خاوەنکار وەڵامی ویستەکانی نەداونەتەوە. هەر لەم پەیوەندی‌یەدا چەند حەوتوو لەوە پێش کرێکاران بۆ وەدەست هێنانی داواکاری‌یەکانیان دەستیان دایە مانگرتن و ناڕەزایەتی‌دەربڕین کە سەرئەنجام خاوەنکار، وەستاکارەکەی لەسەر کار دەرکرد و کەسێکی دیکەی بەجێگای هێنایە سەر کار.

## کرماشـــان:

ماوەی دوو حەوتوویە کە سەدان کەس لە کرێکارانی کارخانەکانی نەساجی کرماشان مانگرتنێکیان وەڕێ خستوە و تائێستا ئەو مانگرتنە هەر بەردەوامە. نەدانی حەقدەستی چەند مانگی ڕابردووی کرێکاران و دەرکردنی کرێکاران لەسەر کار، لە شێوە هۆکارەکانی وەڕێخستنی ئەم مانگرتنەن. تائێستا خاوەنکاران و ڕژیم هیچ چەشنە وەڵامێکیان بە کرێکاران نەداوەتەوە. کرێکارانی نەساجی کرماشان ڕایانگەیاند کە تا گەیشتن بە خواستەکانیان دەست لە مانگرتن هەڵناگرن.

## پـــول دوختـــەری لوڕســـتان:

کرێکارانی بێکار کراوی کارخانەی ئاهەکی سەنعەتی لۆڕستان خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتی‌یان لەبەر دەرگای ئیدارەی کاری پۆل دوختەر وەڕێ خست. نوێنەری بانکی مەسکەن کە لە تارانەوە بە مەئمووریەت ناردرابوە پۆل دوختەر، هاوڕێ لەگەڵ هەیئەتێك کە ئەوانیش لەتارانەوە هاتبوون، کەوتنە بەر دەنگی ناڕەزایەتی و بێزاری کرێکاران. توندی خۆپیشاندانەکە بەجێگایەك گەیشت کە هەیئەتی ناوبراو نەیتوانی بە ماشێن شوێنەکە بەجێ بهێڵێ و بەناچار تاك تاك و دوان دوان خۆیان لەدەست کرێکاران دەرباز کرد. کرێکارانی ئەم کارخانەیە خوازیاری ئەوەن کە بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

## گوزارشێک لەشاری مەریوانەوە سەبارەت بە:

# دەردەدڵی‌یەکانی چەند کرێکارێك لە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا!

– ناوی خۆم بە دوو پیت دەردەبڕم واتە ع.ع. کرێکارێکی سادە و تەمەن ٢٠ساڵەم. سەڵتم و هێشتا ژیانی هاوبەشم پێك نەهێناوە. باوکم مردوە و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەمان ٧کەسین هەر لە پۆلی سێی ناوەندی‌یەوە ناچار بووم دەست لە خوێندن هەڵبگرم. داهاتی ڕۆژانەی من تەنیا ٢٥٠٠تمەنە، ئەویش ئەگەر بەخت یارم بێ و کارێکم دەست بکەوێ. ٨ساڵە کرێکاری دەکەم. بەشێوەیەکی مام ناوەنجی ڕەنگە لەهەر مانگێکدا ١٠ڕۆژ کارم هەبێ و بەداخەوە کۆمەڵێك ئاڵۆزی دەوریان داوم و ئازار و ڕەنجی لەشم بەتایبەت گوێیەکانم تەنگیان پێ هەڵچنیوم. لە کارەکەم ڕازی نیم، بەڵام خۆزگە هەموو ڕۆژێ توانیبام بۆسەر کار بڕۆم. ئیتر چبکەم، هیچ شتێکی‌تر و کارێکی‌تر نادۆزمەوە.

– منیش ص.خ. کرێکارێکی سادە و تەمەن ٦٠ساڵەم و ئەندامانی بنەماڵەمان لە ٧کەس پێك هاتوە. من نەخوێندەوارم و ماوەی ٢٠ساڵە کار دەکەم. لە ماوەی ١٠ڕۆژی ڕابردوودا تەنیا یەك ڕۆژ کارم دەست کەوتوە. خۆزگە ئەمتوانی زۆرتر کار بکەم بۆ ئەوەی منداڵەکەم چیتر بۆ وەرگرتنی تەنیا ١٠تمەن لەمن، ئەم هەموە نەگریابا و نەپاڕابایەوە.

– ناوم "م . م"یە و کرێکارێکی سادە و ٤٨ساڵ تەمەنمە و لە بنەماڵەدا ٨کەسین. من خوێندەواریم نیە و ژێرخانی ماڵەکەمان تەنیا ٤٠میتری چوارگۆشەیە. لە یەکەم ڕۆژی بەهارەوە هەتا ئەمڕۆ واتە ڕێکەوتی (١٣٨٠/٥/٨) زیاتر لە ٢٠ڕۆژ کارم دەست نەکەوتوە. نازانم دەست بۆ چ کارێك بەرم، ئەگەر بمهەوێ دەستفرۆشی بکەم ئەوە شارەداری ڕێگەم پێ نادا. ئەگەر ڕوو بکەینە سەر سنوورەکانیش، ئەویش بۆ ئێمە کە هیچمان نیە، ئەمنییەت و ئاسایشمان نابێ و بەو کارەش خۆمان و بنەماڵەمان لەگەڵ مەترسی کوشتن ڕووبەڕوو دەکەینەوە. لەڕاستی‌دا ئەگەر داهاتی مانگانەی ئێمەی کرێکار حیساب بکەی لەهەر مانگێکدا تەنیا ٦هەزار تمەن دەبێ.

– م . ع دوو پیتی سەرەتای ناوەکەمە و کرێکاری سادەم و ٥٩ ساڵ تەمەنم هەیە. نەخوێندەوارم و بنەماڵەیەکی ٧کەسین، ئەمڕۆ واتە (١٣٨٠/٥/٨) ١٢ڕۆژە دێمە ئێرە و بێ‌ئەوەی هیچ کارێکم دەست کەوتبێ، بە نائومێدی بۆماڵێ دەگەڕێمەوە. لەهەر مانگێکدا ٣ تا ٤ ڕۆژ و ڕەنگە جار و بار ٥ڕۆژ کارم دەست کەوێ. ٢٠ساڵە کرێکاری دەکەم و داهاتی مانگانەم زیاتر لە ١٠هەزار تمەن نابێ.

لە وەڵامی ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەك دەتوانن کاریان بۆ بکرێ، چ پەیام و قسەیەکی هەیە، وتی: چ پەیامێك؟ بۆکێ؟ و بۆ چ کارێك؟

# کورتەی هەواڵەکرێکارییەکانی ئێران

## بێهشەهر:

● کۆمەڵێك لە کرێکارانی "چیت ری بهشهر" بە وەڕێخستنی رێپێوانێکی ناڕەزایەتی لە شەقامەکانی ئەم شارە و بەستنی جادەی مازندەران-خوراسان، خوازیاری دانی حەقدەستە دواخراوەکانیان بوون. کرێکاران، نەدانی حەقدەستی دوومانگی رابردووی خۆیان، جەژنانە و نەبوونی ئیمکاناتی پێویستی سەرەتایی بۆ کارکردنی کارخانەیان وەك هۆکارەکانی وەڕێخستنی ئەم رێپێوانە لەقەڵەم داوە. کرێکاران لەبەر دەرکی فەرمانداری ئەم شارە کۆبوونەوە و دەستیان کرد بە دروشمدان و لەسەر خواستەکانی خۆیان بۆ روون بوونەوەی تەکلیفی کارخانە و دابین کردنی خواستی کرێکارانی بێکارکراو تەئکیدیان کرد. کرێکارانی توورە و ناڕازی لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا بە کۆبوونەوە لەسەر شەقامە سەرەکی‌یەکانی بێهشەهر هات وچۆی ماشێنەکانیان بۆ ئوستانی گوڵستان و مازندەران لەگەڵ گیروگرفت رووبەڕوو کرد و ئەم کارەش بوە هۆی ئەوە کە ترافیکی گەورە لەو شارە ساز بێت.

تەرحی فەرمانداری بێهشەهر کە لەنێو کرێکارانی ناڕازی‌دا بۆ حەلی گیروگرفتی کرێکاران و کارخانەی چیت رەی باسی کرد، لەلایەن کرێکارانەوە موافقەتی لەگەڵ نەکرا. هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی دووڕۆژ لەوەوبەر هێرشیان کردە سەر کۆبوونەوەی کرێکاران و ژمارەیەکیان لێ گرتن و رەوانەی زیندانیان کردن.

● رۆژی دووشەممە ١٤ی خەزەڵوەر کرێکارانی کارخانەی نەساجی "چیت رەی"بێهشەهر لە ناڕەزایەتی سەبارەت بە نەدانی حەقدەستە دواخراوەکانیان، بۆ چەندەمین جار لەبەر دەرکی کارخانەی ناوبراو کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی‌یان وەڕێ خست و لەدژی کارفەرماکان و پەسەندکراوە دژی کرێکاری‌یەکانی ئەم دواییانەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی دروشمیان دا. کرێکارانی شیرکەتی "چیت رەی" بێهشەهر ماوەی ٩مانگە هیچ چەشنە حەقدەستێکیان پێ نەدراوە؛ ئەم کارخانەیە ئێستا داخراوە.

## ساری:

کۆمەڵێك لە کرێکارانی بێکارکراوی کارخانەی نەساجی "چۆخای" ساری لەبەر دەرکی ئوستانداری ساری خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتی‌یان وەڕێ خست.

کرێکارانی بێکار کراو خوازیاری گەڕانەوە بۆسەر کار و وەرگرتنی حەقدەستی وەدواکەوتووی چەند مانگی خۆیان بوون. خۆپیشاندانی ئەم کرێکارانە بوو بە مانگرتنێك لەبەر دەرکی ئوستانداری کە تا کاتی گەیشتنی ئەم هەواڵە، هەروا درێژەی بوو. پێویستە بوترێ کە لە ماوەی یەکساڵی رابردوودا، ٣٠٠کرێکاری ئەم کارخانەیە لەسەر کار دەرکراون، بێ‌ئەوەی لە هیچ چەشنە بیمەیەکی بێکاری و دەرمانی بەهرەمەند بن. کرێکارانی لەسەرکار دەرکراوی ئەو کارخانەیە نزیك بەساڵێکە حەقدەستی خۆیان وەرنەگرتوە.

## ژنێکی سیغەکراو حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپا

ژنێك کە لەلایەن پیاوێکی تەمەن ٥٨ساڵەوە سیغە کرابوو، بەتاوانی ئەوە کە دەستی لە کوشتنی مێردەکەی‌دا بوە، حوکمی مەرگی بەسەردا سەپا. مێردی ئەم ژنە کە تاجیری کاغەز بوە و لەرێگای پووڵ و سەرمایەوە کچانی بە مەبەستی رابواردن لەگەڵیان، فریو دەدا، رۆژێك بەمەبەستی تەفریح و رابواردن دووکچی لاو لەگەڵ خۆی دەبا و دواتر ناگەڕێتەوە و مەعلووم دەبێ کە کوژراوە. دواتر دادگا بەتاوانی ئەوە کە ئەم ژنە دەستی لە کوشتنی مێردەکەی‌دا بوە، مەحکووم بە مەرگ دەکا و ئەم حوکمە دژی‌ئینسانی‌یە لەسەر ئەو ژنە بەڕێوە دەبەن.

یاسایی‌کردنی قانوونی سیغە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامی‌دا، سووکایەتی و بێ‌حورمەتی‌کردن بە کەرامەتی ئینسانیی ژنان، هەرچی زیاتر خۆی نیشان دەدا و ئەمە پێشێل کردنێکی ئاشکرای ماف و ئازادی‌یەکانی ژنانی ئێرانە کە رژیمی ئیسلامی وەك قانوونی ئیسلامی و ئیلاهی بەسەر نیوەی دانیشتوانی ئەم کۆمەڵگایەی‌دا سەپاندوە.

خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم قانوونە دژی بەشەری‌یە، ئەرکی سەرشانی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی ئێرانە کە دەبێ بەسەر رژیمی ئیسلامی‌دا بسەپێنن و هەوڵ بدەن بۆ رزگاری ژنان لە قەید و بەندی دواکەوتوانە و کۆنەپەرستانە کە رژیمی کۆماری ئیسلامی ئاڵاهەڵگری ئەم دواکەوتوویی و کۆنەپەرەستی‌یەیە.

## چەند هەواڵی تر لە شارەکانی ئێرانەوە

## مانگرتن لە خواردنی خوێندکارە زیندانی‌یەکان لە ئێران هەروا بەردەوامە

کۆمەڵێکی دیکە لە خوێندکارە زیندانی‌یەکان بە ریزی مانگرتنی غەزایی خوێندکارە زیندانی‌یەکان پەیوەست بوون. ئەم مانگرتنە ١٥رۆژ لەمەوبەر لەلایەن "منوچهر و اکبر"ی محەممەدی لە ناڕەزایەتی سەبارەت بە هەل ومەرجی ناو زیندان و نادیاربوونی چارەنووسیان وەڕێ خراوە. بەرپرسانی قوەی قەزایی رژیم حاشا لە مانگرتن لە خواردنی ئەو خوێندکارانە دەکەن.

● رێ و رەسمی رێزگرتن لە یادی دوو نووسەر و هونەرمەندی پێشکەوتوو و ئازادیخواز، محەممەدی موختاری و جەعفەری پوویەندە لەلایەن رژیمەوە هەڵوەشێندرایەوە. لەحاڵێکدا کە ئاخرین کاتەکانی تەداروك و بەڕێوەبردنی ئەو رێ و رەسمە تێپەڕ دەبوو. هێزەکانی ئینتزامی رژیم رایانگەیاند کە بەر بە بەڕێوەچوونی ئەو رێ و رەسمە دەگرن

محەممەدی موختاری و جەعفەری پوویەندە ئەو نووسەرە تێکۆشەرانە بوون کە لە جەریانی ناسراو بە قەتڵە زنجیرەیی‌یەکاندا بەدەستی وەزارەتی ئیتلاعاتی رژیم بەشێوەیەکی دڕندانە تیرۆر کران.

■




# هونەر و ئەدەبیاتی پێشڕەو

## تاکەی

✍ : مەسعوود نوقرەکار
و : عەزیز حاجیکەند

دەرگای زیندانەکە دەکرێتەوە. لەگەڵ کرانەوەی دەرگاکە دووچاوی گەش خۆی نیشان دەدات، دووچاو گەش لەنێوان دوو مرواری سپیدا. مات و سەرنجڕاکێش و پڕاوپڕ لە نەفرەت و بێزاری. خۆی کۆدەکاتەوە و چاو لە ئازادە دەکات. لەشی دەکەوێتە لەرزین و خوف هەموو گیانی دادەگرێ.

– بڕوانە! سەرنج بدە نیگای ئەو ژنە! لەنێوان مەقنەعە و چارشێوێکی ڕەشدا، دوو گورگی گەورە و سپی زاریان کردۆتەوە. زارێکی ئەوەندەی چارشێو و مەقنەعەکەی ڕەش. دەیانهەوێ پەلامار بەرن و.. . هەڵدڕن.

– بڕوانە! بەراستی چ نیگایەکی هەیە ئەو ژنە!

سەرتاپێی ئەو ژنە ڕەشە، لەچکەکەی، چارشێوەکەی، کراسەکەی، دامەنەکەی تەنانەت گۆرەوی و کەوشەکانیشی هەموو هەر ڕەشن. دەموچاوی نەبێ و سپیایی چاوەکانی، پڕاوپڕ لە نەفرەت.

برۆ پڕ و ڕەشەکانی کۆ دەکاتەوە، برۆگەلێك کە هەر دەڵێی ساڵیانێکە دەستیان پێدا نەهاتوە. نێوچاوانی تێك دەنێ. بۆ چەندساتێك چاو لەسەر ئازادە هەڵدەگرێ و ڕوو دەکاتە یەکێکیتریان. موەدرێژەکانی ژێر چەنەی و پشت لێوەکانی دانەدانە دێنە بەرچاو. تەمەنی ٥٠ ساڵە، بەڵام پیرتر دەنوێنێ.

ئێستا چاوی لەسەر مریەمە.

"چ ڕوانینێکی هەیە ئەو ژنە!"

دوو گورگی برسی، گورگێك، ئینسان.

ئەرکی دابەشکردنی خواردنی لەئەستۆیە.

بە ددانەکانی سەرەوەی لێوی خوارەوەی دەکرۆژێ.

ددانەکانی زەرد و تیژن، لە چاو و لە دڵی هەمووان، دەگەڕێ. لەژێر لێوەوە بۆڵەیەکی دێ؟

نا، نا، تەنانەت لەژێر لێویشیەوە حازر نیە شتێك بە ئەوان بڵێ و جنێوێك بدات. ئەو بە ڕوانین، تووڕەیی و نفرەتی خۆی نیشان دەدا.

"خوا لەوەش زەلیلترتان کات"

خواردنەکە دەخاتە بەردەستیان، نا بۆیان فڕێ دەدات!

"ها! بخۆن، وا دەزانم سەگ خواردی"

دەرگاکە بەتوندی پێوە دەدات و دەڕوات.

بۆ چەند دەقیقەیەك کەس خۆ لە خواردنەکە ناگەیەنێ. مەلیحا یەکەم کەسێکە دەست بە خواردن دەکات. دڵە کزە و زەخمی مەعدە تاقەتی لێ بڕیوە. بەڵکوو خواردن ئازاری کەم کاتەوە! بەڵام نا، یەکەمین پاروو ئازارەکەی زیاتر دەکات. خواردنەکە لەخۆی دوور دەخاتەوە و پاڵ دەداتەوە و کورۆژمە دادەنیشێ. مەلیحا بێحاڵە، ڕەنگی بەڕووەوە نەماوە.

– "ڕوانینی ئەو ژنەت بەو دوو چاوە جوانەیەوە سەیر کرد؟"

"هەمووی کینە بوو، هەمووی نفرەت بوو، دیتت؟"

"دڵیشی ڕەش بوو، تەنانەت دڵیشی!"

"چیت وت مریەم؟"

– "هیچ، پرسیم: سەیرتکرد، ئەم ژنە چ نیگایەکی هەبوو؟"

– "بەڵێ دیتم."

– "دەڵێن کوڕێك و برایەکی تیرۆر کراوە."

– "بەڵام خۆ ئێمە نەمان کردوە."

– "ڕاست دەکەی. بەڵام ئەو فەرقی پێ ناکا!"

– جگە لەوە ئەوانە خۆیان، کوشت و کوشتاریان دەست پێ کردوە. ئەوانە خۆێنڕێژییان وەڕێ خستوە، ئەوانە!

– "ئەرێ، ئەرێ ئیتر، کەسێك دەست پێ دەکا و پاشان درێژەی پێ دەدرێ!

– درێژە، درێژە، درێژە و ئێمەش دواڕۆژ دەمانهەوێ ئەوانە هەر ئەوکارەیان لەگەڵ بکەین! وانیە؟"

ڕاستی ئەگەر ئێمە لەسەرکار بووینایە لەگەڵ نەیارانی خۆمان چیمان دەکرد؟ هەر ئەو کارەمان دەکرد، و هەر بەو نیگایەش، لەوانیە خراپتریش. ئازادە، ئەگەر تۆ لەجێگای ئەو دایك و خوشکە بوویتایە چیت دەکرد؟ ها؟

ئازادە سەر بە دیوارەکەوە دەنێ و چاو دەبڕێتە میچی ژوورەکە.

مریەم ئۆقرە ناگرێ. هەڵدەستێ و قەدەم لێ دەدات و هاوار دەکات:

"ئەی خوداکان، کەی نێوبژیوانی دەکەن و چارەنووسی "اورست" ڕۆڵەی "ئاگا ممنون" و "کلی منەسترا" ڕوون دەبێتەوە؟ زنجیری تۆڵەستاندنەوەکەی دەپچڕێ؟ کەی؟"



مەلیحا ئەژنۆکانی بەسینگیەوە ئەگوشێ.

"تەواوی‌کە ئیتر مریەم، بەسە!"

مریەم لەگۆشەیەکی دیوەکەدا دادەنیشێ، پەنجەی بەدەموچاویەوە دەنێ. دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە. ڕەئیسی زیندان هاتوە هەتا بنەڕێنێ و خەت و نیشانیان بۆ بکێشێ. ئەشکەنجەگەرێك کە عەشق و عیبادەتی ئەشکەنجەیە.

دووچاو. دووچاوی گەش و جوان لەنێوان دوو مرواریدا، بە سەمایەکی توند، پڕاوپڕ لە نەفرەت دەڕوانێتە ئەو، زیندان ڕەئیسی زیندان؛

"کەسافەت، لات، ئینسانکوژ".

دووچاو لەنێوان لەچکەیەکی سورمەیی و چارشێوێکی ڕەشدا، دوو گورگ – دوو گورگ لەپاڵ دوو برۆی کێشراو و نێوچاوانێکی بلیندی پڕ لۆچ و جوان.

"هۆی هۆشت لەکوێیە ژنەکە؟"

دەنگی بەرزی ڕەئیسی زیندان لەشی مریەمی هێنایە لەرزین، مریەم چاوی لەچاوی ئازادە بڕیبوو.

– "هۆشت لەکوێ بوو مریەم؟"

– لەلای چاوەکانی تۆ."

– "چاوەکانی من؟"

– بەڵێ.

– "بۆچی چاوەکانی من؟"

هیچ ناڵێ. مەلیحا ئەژنۆکانی بەسینگیەوە دەگوشێ و لەژێر لێویەوە دەڵێ:

"بەسیەتی مریەم، بەسیەتی"

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komala

No. 131

November - 2001

## سیاســـــــه تی دژی په‌نابــه‌ری ئینگلســـتان

دەوڵەتی ئینگلستان ئەم ئاخرانە دەستی داوەتە کردەوەیەکی تازەتری دژی پەنابەری لەو وڵاتە. پۆلیس بەشێوەیەکی زۆر نائینسانی هەڵس و کەوت لەگەڵ پەنابەرانێك دەکا کە تازە دەگەنە ئەو وڵاتە و داوای ماڤ پەنابەری دەکەن. پڕۆسەی لێکوڵینەوە لە هەل ومەرج و وەزعییەتێك کە پەنابەران لە وڵاتی خۆیان لەگەڵی بەرەوڕوو بوون، لەچاو رابردوو گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە و بەهیچ شێوەیەك پێکەوە قابیلی هەڵسەنگاندن نین. پۆلیسی ئینگلستان لەکاتی موساحبە لەگەڵ پەنابەران، بەجۆرێك رەفتار دەکا کە پەنابەر خۆی لەگەل زیندانی لێ دەگۆڕدرێ و هیچ گرینگی‌یەك بە قسەو داوای پەنابەران نادەن.

دوای ئەوی کە پەنابەر هەموو کۆسپ و گیر و گرفتەکانی سەر ڕێگا تێپەڕ دەکا و گیانی سلامەت بەدەر دەبا و دەگاتە ئەو وڵاتە، پۆلیس لە شوێنە گشتی‌یەکانی وەك کافەکان و ئیستگاکانی قەتار لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکا، بەبێ ئەوە کە هەم لێکۆڵینەوە کە رەسمی بێ و هەم پەنابەر بتوانێ بۆ دیفاع لەخۆێ لە ماف و مەزایا بەهرەمەند بێ.

پەنابەرێکی کورد کە بەتازەیی، وەك پەنابەر پەنای



بردۆتە بەر ئینگلستان لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی‌دا بۆ وەرگرتنی ماڤ پەنابەری دەڵێ: کەسێك کە

خۆی وەك پۆلیس پێ ناساندم، بە تەلەفوون قسەی لەگەڵ کردم و داوی لێ‌کردم بەمەبەستی چاوپێ‌کەوتنی بچمە یەکێك لە ئیستگاکانی قەتار. من پرسیاری ئەوەم لێ‌کرد کە لەوێ چۆنی بدۆزمەوە لەوەڵامدا وەتی: نیگەران مەبە، ئێمە تۆ پەیدا دەکەین، ئەڵبەت هەر وا بوو و ئەوان منیان ناسیەوە. لەو ئیستگایە، دوو ئەفسەری پۆلیس لێکۆڵینەوە و لەئەسڵدا بازجوویی‌یان لەگەڵم دەست پێ‌کرد.

سەرەتا پێم وابوو ئەم بازجوویی‌یە، بەشێك لە پڕۆسەیەکە بۆ پێ‌ڕاگەیشتن بە داخوازی من کە داخوازی پەنابەری بوو. بەڵام لەوپەڕی ناباوەڕی‌دا پێیان وتم کە پێ‌ڕاگەیشتن بە داواکاری‌یەکەی من، کاری ئەوان نیە و ئەو کارە پەیوەندی بە پۆلیسی دیکەوە هەیە.

لە درێژەی بازجویی‌یەکەدا لەزۆر بابەتی دیکەوە پرسیاریان لێ کردم. بۆوێنە: ئەوە کە چ کەسێکی‌تر لەگەڵ من هاتۆتە نێو ئەو وڵاتەوە؟ ئایا کەس یا کەسانێکی‌تر کە من بیانناسم، بەنیازن بچنە ئەو وڵاتە! بۆچی هاتمە ئینگلستان؟ بۆچی کوردەکان روودەکەنە

بڕواننە لاپەڕەی ٤

---

### دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

انە: ٢١/٣٠ ٢٠/٣ ٠

جومعە بەیانیان: ٩ ٨

شەپۆلی کورت رەدیفەکانی :

٧٥ میتر بەرابەر ٣٨٨٠ کیلۆ هێرتز

٦٥ میتر بەرابەر ٤٣٨٠ کیلۆ هێرتز

### دەنگـــی شۆڕشـــی ئـــێران

نیوەڕۆ: ١٤ ١٣

ئێواران : ١٩ ١٨

شەپۆلی کورت رەدیفەکانی :

٧٥ میتر بەرابەر ٣٨٨٠ کیلۆ هێرتز

٦٥ میتر بەرابەر ٤٣٨٠ کیلۆ هێرتز

٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆ هێرتز

**ئادرەسەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات**

Communist Party of Iran:

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

C . D . C . R . I
Box 704 45
107 25 Stockholm - Sweden
Tel/Fax: 46 - 08 - 86 80 54
e-mail: cpi@cpiran.org

Representation of Komala abroad

دەفتەری نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات

K. K.
P.o.Box 75026
Box: 750 26 Uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46-18-46 84 93
e- mail: komala@cpiran.org

ژمارە تەلەفون و فاکس:

٠٠٤٦ – ١٨ – ٤٦ ٨٤ ٩٣

دەفتەری نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە سلێمانی

Tel: 2124760 - 2125815

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

Tel: 0044707 - 7520 - 781
Komalah@hotmail.com

### پـــێـــشـــڕەو

ئورگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

گۆڤارێکی سیاسی ١٥ رۆژەیە.

ئیدیتۆر: ئیبراهیمی عەلیزادە

ئـادرەس لـە دەرەوەی وڵات:

R . K
P . O . BOX 3015
14503 NORSBORG
SWEDEN

فـاکـس: 08-53184853

ئـیـنـتـرنـێـت

سایتی کۆمەڵە:
www.komalah.org

رادیۆ دەنگی کۆمەڵە:
www. Radiokomaleh.com

سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران:
www. cpiran.org
e.mail : komalairan@hotmail.com